# بارزانی لەڕەخنە ناترسێت !!!

# ٢–٣

Beshi (1)

سەربەست ئێزیدی – ئەلمانیا– میونشن

٢٦-٩-٢٠٠٤

پارتی و بارزانی هەر لەسەرەتاوە هەوڵیانداوە هەر هەڵێکی کە بۆیان ڕێک بکەوێت بیقۆزنەوەو لەدەستی نەدەن، هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی کورد یاخود لایەن و کەسانی تریش بێت. دەست تێکەڵاو کردنیشیان بەئاسانی لەگەڵ دوژمنان و شەڕکردنی لایەنە کوردستانیەکان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە بۆچوونەکەم دەسەلمێنێ.

پارتی و بارزانی باوەڕیان بە ڕاپەڕین نەبوو و نەیاندەویست بەشداری ڕاپەڕین بکەن بەبیانووی ئەوەی کە گوایە ڕاپەڕین سەرناکەوێت و تەنیا خەڵک بەکوشتدانەو هیچ دەستکەوتێکی لێناکەوێتەوە. برادەرانی سەرکردایەتی ی.ن.ک دوای چەندین سەردان و دانیشتن زۆریان بۆ بارزانی هێناو ڕازییانکرد. لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان یەکێتی، مافی چارەی خۆنووسین و فیدراڵی، پارتیش ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیان بەرزکردبووەوە. لایەنگرانی پارتی بە لایەنگرانی یەکێتیان دەگووت "بەرزکردنەوەی بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنیەتی". هەروەها یەکێ لەقسە بڵاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بادینان کە وەکو گاڵتە پێکردنێک کردبوویان بەوەڵام لە بەرامبەر ئەندام و دۆست و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کاتێ کەباسی فیدراڵییان لەگەڵدا بکردنایە. دەیانگووت " ئەوەی داوای فیدراڵ بکات، دەبێت بچێتە دۆلی چەلێ، دۆلێکە دەکەوێتە پشتی زاخۆو دیوی کوردستانی باکور. کەچی دوای ڕوخانی سەددام، لەڕۆژنامەی خەباتی دوو سێ مانگ لەمەوبەر نووسیبویان: مستەفا بارزانی هەر لەساڵی ١٩٤٥ – وە دروشمی فیدراڵی بەرزکردۆتەوەو یەکەم کەس بووە داوای فیدراڵی بۆ کورد کردوە. کوردو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باش دەزانن بەپێداگرتنی یەکێتی بوو فیدراڵی لەپەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەردرا، ئەگینا پارتی لەبەر ڕاگرتنی دڵی سەددام و بەعس ئۆتۆنۆمی بەباشتر دەزانی. لەکۆبونەوە سەرەتاییەکانی پەرلەماندا، فراکسیۆنی زەرد سووربوو لەسەر دیاری نەکردنی ئاڵایەک بۆ هەرێمی کوردستان، درێژەدان بە دام و دەزگا کارتۆنیەکانی سەددام لە کوردستان لە ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن و ئەمانەتە گشتییەکان لەبری دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران کە پێشنیاری یەکێتی بوون. هەروەها فراکسیۆنی زەرد بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەبوو لەسەر دامەزراندنی وەزارەتی دەرەوەو بەرگری بۆ حکومەتی هەرێم، تادوای مشتومڕێکی زۆرو چەندین دانیشتن بڕیاردرا وەزارەتی کاروباری پێشمەرگایەتی و کاروباری مرۆڤایەتی لەبری هەردوو وەزارەتی دەرەوەو بەرگری کە هەم پێشنیاری یەکێتی بوون، دەمەزرێن. ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد زۆر بەتوندی دژی ئەم پێشنیارە وەستانەوە بەبیانۆی ئەوەی ئەم کارە هەم حکومەتی عێراق و هەم حکومەتانی دراوسێ دەوروژێنێ. ئەحمەد سالاری فراکسیۆنی زەرد ویستی ئاڵای عێراق بەهەر سێ ئەستێرەو ئەللاهو ئەکبەرەکەی - سەددام –ەوە بهێنێتە ناو پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەندامانی سەوز ڕێگەیان پێگرت و نەیانهێشت. ئەو کاتەی سەددام و ڕژێمی بەعس مابوو، پارتی دەیویست بۆ خاتری سەددام، ئاڵای بەعس لەکوردستان بەرزکاتەوە، کەچی دوای ڕووخانی سەددام نایانەوێ!! نازانین چ حیکمەتێک لەوەدا هەیە؟ ئایا ئەو ئاڵایە، هەمان ئاڵای بەعس و ئەنفالی جاران نییە؟ یان بەر لەڕووخانی سەددام، ئاڵای نیشتیمان و دوای ڕووخانیش بۆتە ئاڵای بەعس و ئەنفال؟ هەرچەندە، بۆخۆم زۆرم پێناخۆشە ئەم ئاڵایە لەسەر دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم/ سلێمانی بەرزکراونەتەوە لەدوای ڕووخانی ڕژێمدا.

لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ دا، پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبەر چاوی هەموو دانیشتوانی کوردستان و هەولێرەوە، سوپای ئەنفال و بەعسیان بەهەمان ئەو ئاڵایەی کەئێستا ئەوەندە دژیەتی بە قوشتەپەی بارزانییە ئەنفالکراوەکاندا هێنایەوە کوردستان و هەمان ئاڵایان لەسەر پەرلەمانی کوردستاندا بەرزکردەوە. هەر بۆخاتری ئەو هەشت هەزار بارزانییە ئەنفالکراوەی ساڵی ١٩٨٣ بەدەستی بەعس، نەدەبوایە بارزانی ڕێگابدات سوپای ئەنفال بەقوشتەپەی ئەنفالکراودا بێتە هەولێر. بەڵام دیارە ئەو حیکمەتە لای بارزانی یەو ئێمە تێناگەین!.

هودا ئەلحوسێنی دوای ٣١ ی ئابی ١٩٩٦، گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ بارزانی ئەنجامداوەو دەقەکەی لە لاپەڕە ١٦ ی ژمارە ٦٥١٢ ی پێنجشەممە ٢٦.٩.١٩٩٦ دا بڵاوکراوەتەوە. بارزانی بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەکە ئەدوێت: لەگەڵ هیچ کامێک لەو وولاتانەی دراوسێ هاوکاریم نەکردووە لەپێناوی لێدانی هیچ پارتێکی کوردی یان ناکوردی. سوپای عێراق نەهاتە ناو هەولێر جگە لەچەند خولەکێک (دەقیقە)یەک و دواتر کشانەوە. ئاشکرامانکرد کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا کاریاندەکرد، لەڕاستیدا سەر بە دەزگای هەواڵگری (موخابەراتی) عێراقی بوون.
دەربارەی هاوکاری نەکردنی بارزانی لەگەڵ هیچ کام لەوولاتانی دراوسێ بۆ لێدانی پارتە کوردییەکان یا ناکوردییەکان، بارزانی لەچاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەگەڵ تورکیش دەیلی نیوس کە لە ١٢.١٢.١٩٩٧ دا بڵاوکراوەتەوە، خۆی قسەکانی خۆی ڕەتدەکاتەوە. بارزانی بەم شێوەیە بۆ ئەم ڕۆژنامەیە ئەدوێت: (پار سوپاسی سەددامم کردووەو ئەمساڵیش سوپاسی دەکەم، گفتوگۆمان لەگەڵ بەغدا هەیەو دۆزی کوردیش هەر لەبەغدا چارەسەر دەکرێ. سوپاسی تورکیاش دەکەین بۆ یارمەتیدانمان دژی تیرۆریزمی پەکەکە کە هەڕەشەی بۆ سەر هەردوو لامان هەیە. بەئاشکراش دەڵێین تا یەکێتی ئێران بێنن، ئێمەش عێراق دێنین، تا پەکەکە بێنن، ئێمەش تورکیا دێنین).
بەگوێرەی لێدوانەکەی بارزانی بۆ تورکیش دەیلی بۆمان دەردەکەوێت کە بارزانی هاوکاری لەگەڵ عێراق و تورکیا کردووە بۆ لێدانی یەکێتی و پەکەکە، جگە لەوەی لەبەر چاوی هەمووان لەساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ دا، ئێرانیان هێنا بۆ لێدانی یەکێتی و لەساڵی ١٩٩٧- یش تورکیایان هێنا بۆ هەمان مەبەست. هەر لەچوارچێوەی لێدوانەکەی بارزانیدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە سوپای عێراق تەنیا بۆ ماوەی چەند خولەکێک هاتبنە ناو هەولێر، چونکە سوپایەک بۆ یارمەتیدان و دەرکردنی نەیارەکانی بارزانی هاتبێت، چۆن تەنیا بۆ ماوەیەکی ئاوا کورت دەمێننەوەو بەئاسانی دەردەچێت؟ ئەی بۆ سەددام، لەدوای چەند مانگێک نیشانەی ئازایەتی دا بە قوسەی کوڕی و چەندین ئەفسەری پایە بەرزی بەشداربوو لە داگیرکردنی هەولێر و دەرکردنی نەیارەکانی بارزانی؟ سەددام، خۆی لە لێدوانێکدا کە دواتر لە -الملف العراقی-، کە گۆڤارێکی تایبەت بە بەئەرشیفکردنی هەموو مەسەلەو پێشکەوتنێکی عێراقی بوو، لەلایەن ڕژێمی دیکتاتور لەبەغدا دەردەچوو، لەژمارە ٦٩ ی ساڵی ١٩٩٧ دا، بڵاوکراوەتەوە، گۆڤارەکە باسی کۆبوونەوەیەکی سەددام دەکات لەگەڵ ماهر عەبدولڕەشید، فەرماندەی گاردی کۆماری و گەورە ئەفسەرانی تر، سەددامی دیکتاتور لەو کۆبوونەوەیەدا دەڵێت: من و قوسەی بووین کە ئۆپۆزیسیۆنمان لە هەولێر لەناوبرد. هەر ئێمە بووین لەکاتی چوونە ژوورەوەمان بۆ هەولێر، توانیمان کۆمەڵێک بەڵگەنامەو زانیاری بەدەست بێنین کە تاکو ئێستا دەزگای هەواڵگری پێینەکراوە کارێکی وا بکات. هەر لەبەر ئەوەشە سەرکەوتنی هەولێر بۆ گاردی نیشتیمانی تۆمار دەکرێت نەک بۆ دەزگای هەواڵگری). کەواتە سەددام بەهاوکاری بارزانی دەستێکی کوشندەی لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی داوەو لە - هەولێر – یش، لەو چەند دەقیقەیەی بارزانی باسی دەکات، سەددام چەندین بەڵگەنامەو زانیاری گرنگی دەست کەوتووە. ئایا ڕێی تێدەچێت، سوپایەک لەماوەی چەند خولەکێک ئەم هەموو بەڵگەنامەو زانیاریە گرنگانەی دەست بکەوێت؟. بارزانی بەم لێدوانانەی، متمانەی خۆی لای جەماوەر لەدەست ئەدات و وائەکات کەس باوەڕی پێی نەمێنێت!.
لەئێوارەی ١٦ ی ئابی ١٩٩٧ دا، مەسعود بارزانی وتەیەکی بەبۆنەی یادی دامەزراندنی پارتی لەکەناڵەکانی ناوەوەی پارتیدا پێشکەشکرد. بارزانی زۆری بەشان و باڵی ٣١ ی ئاب هەڵداو بە ڕزگارکردنی هەولێر ناوی بردو پاساوی بۆ درێژەدان بەپەیوەندی پارتی و سەددام بەوە هێنایەوە گوایە: دواڕۆژی دۆزی کورد لە عێراقدا بەستراوە بەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە بەغدا". هەروەها مەناری کوردی ژمارە ٣٣ هەینی ٢٢.٨.١٩٩٧، ئاماژەی بەم لێدوانەی بارزانی داوە. پێم وایە بارزانی خۆی لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ نیە!! چونکە ئەگەر ٣١ ی ئاب مایەی شانازی بوایە بۆ پارتی و بارزانی، تاوەکو ئێستا نە گەڕەکێک، شەقامێک، قووتابخانەیەک، گۆڕەپانێک، گۆڤارێک، تیپێکی وەرزش، لیوایەکی پێشمەرگە، گازینۆیەک یاخود پارکێک بەناوی ٣١ ی ئابەوە نەکراوە؟ خۆ سەدەها شوێن بەناوی بارزانی، شەهید ئیدریس، ١١ ی ئازار، گوڵان، فەرەنسۆو ١١ ی ئەیلول کراون، با تاکە شتێکیش بەناوی ٣١ ی ئابەوە بکرێت، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و شانازی بەم ڕۆژە ڕەشەوە ئەکەن؟
ژیار عەبدوڵلا لە ژمارە ٣١٨ ی ئاڵای ئازادی دووشەممە ٢٨.٦.١٩٩٩ لاپەڕە ٢ دا وتارێکی نووسیوە بەناوی (ڕاخستن... یان هەڵکردنی ئاڵای کوردستان) و باسی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتدارانی پارتی، لە دانیشتنی ڕۆژی ٩.٦.١٩٩٩ دا، بڕیاریاندا پرۆژەی پێشنیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەتەک ئاڵای عێراقی بەعسی، لەسەر بنکەو

بارەگا ڕەسمیەکانی لای خۆیان، بخەنە بەردەم ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن (پەرلەمان). هەروەها ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە چەند مانگێک بەر لەئێستا پارتی بارزانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا، پارتی کاری سەربەخۆیان ناچارکردوە ئاڵای کوردستان لەسەر بارەگاکانیان بێننە خوارەوەو ئاڵای حزبەکەیان لەشوێنی ئاڵای کوردستان دابنێن. باشە، ئەگەر بارزانی ئەوەندە بەپەرۆشی کوردو کوردستان و ئاڵاکەیەتی، بۆ ئاڵای کوردستانی لەسەر هەموو بارەگاکانی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان لە هەولێر داگرت؟ لێرەدا جێی خۆیەتی نوکتەیەکی خۆشی کچە تەمەن پێنج ساڵەکەی خۆمتان بۆ بگێرمەوە. ڕۆژێک چووینە سەردانی ماڵە برادەرێک کە ئەوانیش تاقە کچێکیان هەبوو، دوای ئەوەی ناسکی کچم زۆر یاریکرد لەگەڵ ئارەزووی کچی هاورێکەم، ویستمان بەرەو ماڵ برۆینەوە. (ناسک) ی کچم ڕازی نەبوو، هەرچەندە لەگەڵ هاوسەرەکەم، لەگەڵ ناسک هەوڵماندا، هەوڵەکەمان بێسودبوو. پاس جێیهێشتین و کاتژمێرێکیتر دواکەوتین. لەماوەی ئەم کاتژمێرەدا زۆر قسەمان لەگەڵ ناسک کرد، دوای گفتوگۆو گریانێکی زۆر بڕیاریدا لەگەڵمان بێتەوە، چونکە ئێمە پێمانگووت جارێکیتر نایهێنین بۆ لای ئارەزوو بۆ یاریکردن، گەر وابکات. لەڕێگای گەڕانەوەماندا لەناو پاسەکەدا، ناسک هەستیکرد لاساریەکەی ئەو زۆر ئێمەی دڵگیرکردووە، بۆیە هەر لەخۆیەوە هاتە قسەو گووتی: بۆ لێم ناپرسن لەبەرچی، نەمدەویست لەگەڵتان بێمەوە؟ ئێمەش لێمان پرسی و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: بۆ لەمن تورە دەبن؟ ئەمن بۆیە لەگەڵ ئێوە نەدەهاتمەوە، چونکە ئێوە لەبەرچاوەکانم ببوون بە دایک و باوکی ئارەزوو و دایک و باوکی ئارەزووش لەبەرچاوەکانم ببوون بە ئێوە، بۆیە هەقی خۆم بوو لەلای ئەوان بمێنمەوە کە ببوونە ئێوەو لەگەڵ ئێوە نەیەمەوە کە ببوون بە دایک و باوکی ئارەزوو. ئێمە دەمانزانی ناسک، لە خۆشەویستی ئارەزوو و زیاتر مانەوەی لەگەڵ ئەودا ئەم بەزمەی بە ئێمە کرد.

لەوانەیە، بارزانیش ئاڵاکانی لێتێکچووبێت، واتە ئاڵای کوردستانی لێبووبێت بە ئاڵای عێراق و ئاڵای عێراقیشی لێببوبێت بە ئاڵای کوردستان، بۆیە ئاڵای کوردستانی دادەبەزاندو ئاڵای – سەددام – یشی بەرزدەکردەوە.

هەروەها – حەسەن یاسین – لە لاپەڕە ٢ ی ژمارە ٣١٧ ی ئاڵای ئازادی دووشەممە ٢١.٦.١٩٩٩ دا، وتارێکی نووسیوە بەناوی – ئاڵای میللەت، نەک عێراق – و باسی ئەوە دەکات، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ دا، ئاڵای سەددام و بەعسی لەسەر پەرلەمانی کوردستان بەرزکردەوە. یەک دوو هەفتە لەمەو بەریش، پارتی لەڕێگای پەرلەمانەوە دەیەوێت، هەمان ئاڵا لەسەر دام و دەزگا ڕەسمیەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەرزبکاتەوە.

## بارزانی و دوو هەڵوێستی دژبەیەک لەدوو کۆنگرەدا لە هەولێر:

کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی عێراقی لە ٢٦.٣.٢٠٠٤ دا لە هەولێر بەسترا بەئامادەبوونی بارزانی و تالەبانی و کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی و نیشتیمانی کوردستانی و کۆمەڵێک عەرەبی شۆڤینی و بەعسیە کۆنەکان . کاتێک نۆرە هاتە سەر شۆڤینیستی عەرەبی د. عەدنان محەمەد سەلمان سەرۆکی وەقفی سوننی لە عێراق، گلەیی ئەوەیکرد بۆچی ئاڵای عێراق بەرزنەکراوەتەوە شانبەشانی ئاڵای کوردستان؟ ئەوەبوو مەشعان جبوری وەڵامی دایەوەو بووە غەڵبە غەڵبێکی زۆر لەنێو عەرەبە شۆڤینیەکانی بەشداربووی کۆنگرەکە.

دواتر لە ١٥-١٦. ٥. ٢٠٠٤ دا، کۆنگرەی نیشتیمانی بۆ سەروەری و دیموکراتی هەم دیسان لە هەولێر بەسترا. بەڵام ئەمجارەیان بێ دانانی ئاڵای کوردستان لە هۆڵی کۆنگرەکەدا.

دەبێ هۆی ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازەی بارزانی چی بێت، کە لەماوەی کەمتر لەدوو مانگدا، جارێک ئاڵای کوردستان لەهۆڵی کۆنگرەدا دابنێت و جارێکیتر داینەنێت؟ دیسان حیکمەتی ئەم کارە، مەگەر بارزانی هەر خۆی بیزانێت؟